# شانۆگەریی
# ژانی کوردستان

## ئەم بابەتە لە سەرچاوەی مێژوویی کوردستانەوە وەر یراوە

**محەمەد قەرەداخی**

**سلیمانی سالی(2006)**



www.pertwk.com

**پێشکەش**

**بەگیانی شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان سەروەریان (بارزانی سیمبولی نەتەوەو کاك ئیدرسی هەمیشە لەیاد)**


www.pertwk.com

- ناوی کتێب: ژانی کوردستان
- نووسەر: محەمەد قەرەداخی
- بابەت: شانۆیی
- کۆمپیوتەر: ناسك سەعید
- دیزاین و بەرگ: کەژاڵ حسین محمد
- چابخانە: ئۆفسێتی بابان
- تیراژ: 500 دانە
- ژمارەی سپاردن: (914) ساڵی 2005ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.


لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە



www.pertwk.com

# دەسپێك

ئەوەی زیاتر لە پێنج سەدە بە مێژووی گەلی کورد ئاشنامان دەکات لە زوڵم و ستەمی داگیرکەران، و خەبات و تیکۆشان و قوربانیدانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە ئەو راستیە ئەسەلمێنێت کە تاکە گەل و نەتەوەیە لەم جیهانە پان و بەرینەدا بە درێژایی مێژوو بۆ هەمیشە لە سەنگەر دابوە تەنها بۆ بەرگریکردن لە کیانی نەتەوەیی و مافی چارەنوس، ئەمە کە سەرەتایترین مافی هەموو گەل و

نەتەوەیەکە ئاخاوتن بە زمانی ڕەسەنی خۆیو پێکهێنانی قەوارەی سیاسی لە چوارچێوەی حکومەت یا دەوڵەتدا بێت. تا هەنوکەش هیچ گەلو نەتەوەو دەسەلاتێك ئەو مافەی بە کورد ڕەوانەبینیوە، کە خاوەن مێژوی مرۆڤایەتیو شارستانیەتو ئایینو کلتوری تایبەتیە، لە سەرجەم بوارو چەمکە فیکریو رۆشنبیریو کۆمەلایەتیەکانیدا. جۆرە تایبەتمەندیەکی هەیە لە خەسلەتو ئایدیادا لە ئاستی گەلانی مرۆڤ دۆستو پێشکەوتو خوازەکانی جیهاندایە کە هەمویان خاوەن کیانو قەوارەی سیاسیو دەوڵەتن.

لە هەموو ئەمانەش گرنگتر خەسڵەتێکی تایبەتی جیا لە خەسڵەتو خوی گەلانی داگیرکەرو خوێنرێژی دنیا، گەلێکی نیەت پاكو بەوەفاو ئەمەکدارەو هیچکات چاوی نەبریوەتە سەروەتو سامانی گەلانی دەوروبەر، ئەم تایبەتمەندیە دیاردەیەکی شازو دەگمەنەو لە هیچ گەلو نەتەوەیەکی دیکەی ئەم سەرزەمینەدا بەو شێوە دیارو بەرچاوە بە دیناکرێت. سەرەڕای ئەو خەسڵەتە تایبەتیانەش ئێستاشی لەگەڵدابێت گەلو نەتەوەی دەسەڵاتدار لە ناوچەکەدا بە هەر سیستمێك حکومڕان بوبێت جیاوازییەکی ئەو تۆی

نەکردوە لە شێوازی دژایەتی کردنی کورد. واتە سیستمی دەسەلاٚت ئەگەر هەر رژیمێك بەڕیوەی بردبێت (پاشایەتی یا کۆماری، ئیسلامی شیعە یا سوننی بێ یا عیلمانی) جیاوازی نەبووە. ئەمە وای کردوە لە سەرجەم قۆناغەکاندا بە شێوەی ناوبەناویش بێت شۆرش بەردەوام بوەو بە دەیان سەرکردەی بوێرو پێشەوا لە ناو تیرەو هۆزو بنەماڵە ئاینییەکاندا دەرکەوتوە.

ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت مێژوی سیاسەتی شەرەنگێزیو داگیرکاری دەسەلاٚتدارانی ناوچەکەیە لە عەرەبو تورکو فارس بە هەر بیرو

ئایدیایەکەوە بوبێت، تا ئێستاش سورن لەسەر دژایەتی کردنی گەلی کورد، ئەمەیان وەك خویەك بێت لە بیرو هزری ئەو کەسانەدا کە دەسەلآت ئەگرنە دەست. یا خود سروشتی ناوچەکە ئەوە دەخوازێت کە بەو شێوە درێژە بەو سیاسەتە شەرەنگێزییەی دژی مرۆڤایەتی بدەن کە لە هیچ یاساو ڕێسایەکی ئاسمان و زەویدا جێگەی نابێتەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەم بابەتە ئەکرێت قسەی زیاتری لەسەر بکرێت بەلآم دەمەوێت ئەگەرچی بە شێوەیەکی کەمیش بێت لەم شانۆگەریەدا وەك گوڵبژێرێك ئاماژە بە چەند

قۆناغێــك لــه شۆرشــەکانی کــورد بکــەم، کــه لــه پارچەکانی کوردستاندا سەریهەڵداوە. لەبەر ئەوەی دەقێکی شانۆییەو ماوەکەی کەمە ناتوانرێت ئاماژە بە سەرجەم شۆرشەکان بکرێت، ئەمەیان تەنها بە مەبەستی چێکردنی قۆناغو سەردەمی شۆرشەکان لە شانۆکەدا.

خوازیــارم ئــەو قۆناغانــەش کــە باســنەکراوە لــەلای هــەموو بینــەرو خوێنــەری ئــەم دەقــە شــانۆیە نەبێتــە جێگــەی گومــان بــۆ فەراهــەم کردنــی قۆنــاغی ئەوە شۆرشانەی کە ئاماژەی بۆ نەکراوە. ئامانجی ســەرەکی لــەم دەقــە شــانۆییەدا شۆرشــی مــەزنی

ئەیلوله كه دەكرێت بكرێته سەرچاوەی شۆرشێك بە هەوێنی سەرجەم شۆرشەكان هەڵقولاوە، ئەوەش مێژوو گەواهی ئەو راستییەی بۆ دەدات.

وێڕای لە بەرچاوگرتنی ڕەنج و قوربانی سەرجەم شۆرشەكان، ئامانج لەم دەقە شانۆییەدا ئەوەیە كە لە ئەنجامی زۆری زوڵم و ستەمی داگیركەران و بە ئاكام نەگەیشتنی شۆرشەكان لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا ئەو سەردەمە زەرورەتی دروست بونی شۆرشێك بە بیری نەتەوەیی و هاوچەرخ لەسەر بنەماو بیرو باوەرێكی پۆلاین وەك پێویستیەكی مێژوویی لەو قۆناغەدا هاتە ئاراوە، لە

دایکبــونی (پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان) وەك حزبێکی جەماوەری سەرجەم چینو توێـژەکان هاتـە گۆڕەپـانی خەباتـەوە. ئـەم شۆڕشـە وەك فاکتـەرێکی فریادرەس چووەناو هزرو بیری جەماوەرەوە بۆیە لـە لایەن جـەماوەرەوە متمانەیـەکی زۆری پێبەخشـراوو هاوکـات لـە بەرامبـەر رژێمـی ئـەو کاتـەی عێراقـدا تــوانی بــۆ ماوەیــەك ئاســتی سیاســی کــورد بــە بەرەنگاریکردنو چەند جارێکیش گفتوگۆ رابگرێت. جگـە لـە درێـژەدان بـە خـەباتو تێکۆشـان شۆرشـی مــــەزنی ئــــەیلول تــــوانرا بکرێتــــە قوتابخانــــەی کوردایــــەتیو کۆکردنــــەوەی ســــەرجەم چــــینو

توێژەکانی کۆمەڵ بە جیاوازی بیروبۆچون و ئایین و زمان و.... هتد. ئەم سەروەریەش دەگەرێتەوە بۆ هێزو توانا و هۆشیاری و زیرەکی سەرکردەی شۆرشەکە سەرۆکی نەتەوەیی (بارزانی نەمر) کە رۆڵی بەرچاوی هەبووەو مێژوو جەختی لەسەر دەکات وەك سیمبولی نەتەوە، هەروەها توانستێکی بێهاوتای هەبوو لە یەکخستنی سەرجەم هێزی جەماوەرو درێژدان بە شۆرش تا ئەو ئاستەی کێشەی کورد بە جیهان بناسێنێت.

هەموو ئەمانەی کە باسکران فاکتەری سەرەکی بوون بۆ دارشتنی ئەم دەقە شانۆیە،


www.pertwk.com

**هەرچەند زۆر لە رەهەندەکانی ئەم شۆرشە ئامـاژەی کـەمی پێکـراوە لەگـەڵ روداوەکانـدا بـەڵام بێگومـان خاڵــە ســەرەکییەکانی شۆرشــەکە وەك پێویســت فــەرامۆش نــەکراوە تــا گەیشــتن بــە راگەیانــدنی شۆرشی مەزنی ئەیلول.**

**محەمەد قەرەداخی**

2005 /10/12

# دیمەن (1)

نەخشەی کوردستان پیشان دەدرێت لەگەڵ سرودێک.

لە ناوەڕاستی شانۆکەدا نەخشەی کوردستان داخراوە. سێ کەس لەسەر شانۆکەیە کەسی یەکو دوو شێوەیەکی نا ئاسایان وەرگرتوە بۆ پەلاماردانی نەخشەکەو لە حاڵەتی ئامادەباشیدان بۆ هەڵکوتانە سەر نەخشەکە. کەسی سێیەم بە شمشێرێکەوە سەما دەکات لەسەر نەخشەکە. کەسی یەکو دوو پەلاماری نەخشەکە دەدەن.. هەر یەکەیان بۆلای خۆی رای دەکێشێت کەسی سێیەم بە شمشێرەکە نەخشەکە ئەکات بە دوو پارچەوە، پارچەکان بە دەست کەسی یەکو دووەوەیەو سەمای پێوە دەکەن.

## تاریکی:

## دیمەنی (2)

### ڕاوی:...

چاوتان لێبوو.. ئەوە سەرەتای نەهامەتیەکانی ئەم گەلە بەشمەینەتیە بوو...

شەڕی چالدێران.. لە ساڵی (1514) وە... ئەو ڕۆژەی کە خۆریان دایەوە دەست تاریکی بەڵێ.. ئەو ڕۆژە.. کە کورد بوو بە قوربانی دوو دەسەڵاتی قیزەون... نەگریس... چاو چنۆک.. لە کاتێکا هیوا لە چاوی منداڵێکی کوردا بوو بوو بە دڵۆپێک فرمێسکی قەتیسماو.. مەرگ دیاری دوو

دەسەلاَت.. دوو داگیرکەر بوو.. سولَتان (یاوس سەلیم)ی عوسمانلی‌و شا (ئیسماعیل)ی سەفەوی.. دوای شەڕو کوشتاریَکی زۆر لە نیَوان خۆیاندا کوردستانیان کرد بە دوو پارچەوە.. بەلَیَ.. لە پاش (120) سالَ لە زولَم‌و چەوسانەوە سولَتان مرادی چوارەم‌و شا صەفیَدین لە دژی کورد پەیمانی زەهاوییان ئیمزاکرد... تا کوردستان بە دوو پارچەی بمیَنیَتەوە.. تا گەلی کورد لە ژیَر رەحمی شمشیَرو دەسەلاَتی خۆیاندا بمیَنیَتەوە..

**تاریکی**

## دیمەنی (3)

(**لە ناو بینەرەوە**...)


www.pertwk.com

کەسی (1)... ئەی هاوار.. هەی.. کەی ئەمە ڕەوای هەقە بۆ وامان لێئەکەن بۆ..؟

کەسی (2)...پیێماننالێن چاوەڕێی چی ئەکەیت لەم شمشێر بەدەستانە

کەسی (3)... لە وەتەی هەن شمشێری ئەوان بۆ کوشتن و لە توپەتکردن بووە..

کەسی (4)... جا کورد بەمە رازی ئەبێت...؟

**راوی:...**

نا... نا... رازی نەبوو.. ئافەرین.. شێخ عوبەیدوڵای نەهری کە پەروەردەی ئاینی بوو ئەو قارەمانە توانی شۆرشێک بەرپابکات.. شۆرشێک دژی داگیرکاری و چەوسانەوە.. لە ساڵی (1881) وە پیێشەوای ئەو شۆرشە بوو تا بەدیلی گیراو رەوانەی (مەکە ) یان کرد لەوێ کۆچی دواییکرد...

# دەنگ.. تاریکی

## دیمەنی (4)

**بەشێک لە دۆکۆمینتی شۆرشەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دووەم کۆمەڵێ پێشمەرگەیە بە چیایەکدا سەردەکەون...**

**راوی:...**

**بەرێزان... زۆری نەخایاند شۆرشەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری گەشایەوە.. ئەم جارەیان لە دەڤەری بارزان.. شێخ**

عەبدولسەلام بارزانی شۆڕشی بەرپاکرد دژی دەسەڵاتی عوسمانیەکان... لە چەرخی (ئیتحادی تورەقی) کە ئینقلابیان بەسەرسوڵتان عەبدولحەمیددا کرد.. نازم پاشا ئوستانداری بەغداد بوو ئەوکاتە کوژرا..

(نەزیف) پاشا کە والی موسڵ بوو هێرشی کردە سەر ناوچەی بارزان بۆ سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشە.. هێرشێکی قورس.. بەبیانوی ئەوەی کە بارزانیەکان داڵدەی (سەفوەت بەگ) یانداوە...

**(وەستان)**

کەسێک:.. **(سەفوەت بەگ)**

**راوی:...**بەڵێ.. بەڵێ..سەفوەت بەگ...

کەسێک:.. **(سەفوەت بەگ کێیە...؟)**

**راوی:...**

سەفوەت بەگ قایمقام بوو.. یاخی بوو بوو لە دەسەڵاتی عوسمانیەکان.. پەنایبردبوە بەر بارزانییەکان و شاخەکانی ئەو دەڤەرە... ئەوکاتە بارزانییەکان بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر دەستی عوسمانیەکان و درێژە بە شۆرش بدەن پەنایان بردە بەر شاخە سەرکشەکان...

## وەستان

### لە قتەیەک لە شۆرشەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی راوی:...

دواتر شێخ عەبدولسەلام بە پیلانی (دەروێش عەبدوڵا) کە یەکێک بوو لە موریدەکانی خۆی، کە سیخوری سوپاکەی نەزیف پاشا بوو دەسگیر دەکرێت و رەوانەی موصڵی دەکەن. لەوێ بە دادگایکردنێکی سەربازی

حوکمی لە سێدارەدانی دەدەن... لە یەکی کانونی (1914)دا لە سێدارە دەدرێت و تەرمەکەی لە گۆرستانی (ئەبولبەدران) لە موصڵ دەنێژرێت...

**(دەنگ... تاریکی)**

## دیمەنی (5)

**دۆکۆمێنتی جەنگی جیهانی یەکەم**

**(دەنگ... تاریکی)**

## دیمەنی (6)

کەسی... (1) ئەرێ بەراست ئەوە چی بوو بۆ خاتری خوا.. وەڵا وا تەزانی رۆژی حەشرە.

کەسی... (2)مەترسە کاکە.. مەترسە.. دەوایە حەربە حەرب.. حەربی عالەمی، هەر باشبوو هەمومان تیانەچووین

کەسی... (1)کورە ئەوە تۆ ئەڵێی چی بەخوا تازە هەمومان تیاچووین..!

کەسی... (2)وانیە کاکە.. بۆچی تیاچووین.. قابیلە چینەبێت.. خۆ ئەوان نەهاتون بمانچەوسێننەوە...

کەسی... (1)ئێ.. نەتیجەی ئەمانیش ئەبینین..

کەسی... (2)دەباشە باش.. پێم ناڵێیت ئێمە لەچی ئەزانین..؟

کەسی... (1)وەڵا هیچ.. بەڵام هەمووومان ئەوە ئەزانین هەرچی هاتبێت زوڵمی لە کورد کردووە..

کەسی... (2)من بروانا‌کەم وابێت..

کەسی... (1)ئێ.. عومر باقی بێت ئەمانیش ئەبینین...



www.pertwk.com

## دیمەنی (7)

### ڕێكەوتنی سایكسبیكۆ

**جارچی ئینگلیز...**

**(لەناو بینەرەوە)**

**بڕیار... بڕیار... بڕیار...بڕیار**

لەبەر بەرژەوەندی گشتیو بۆ زیاتر كۆنترۆڵكردنی بارودۆخی ناوچەكەو چەسپاندنی ئاشتیو ئارامیو توانای زیاتر بۆ خزمەتكردنو پێشخستنو بنیاتنانو سنورداركردنی

ناوچـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەکە...

(بڕیارماندا..بڕیار:-)

1) بەجیاکـردنـەوەی سـنوری دەسـەڵاتی حکومەتـەکان لـە ناوچەکەدا.

2) دروستکـردنی دوو دەوڵەتی تازە لە دۆڵی رافیـدەین بـە نـاوی عێـراق و سـوریاوە کـە سـنوریان بـە تورکیـاو ئێرانـەوە هەبێت.

3) بـــەپێی جوگرافیـــاو رێـــژەی دانیشـــتوان و فراوانـــی سنورەکان، هەر پارچەیەکی کوردستان بخرێتە سەر یـەکێک لەم دەوڵەتانەو ئیستفتا بە هاوڵاتیان بکرێت.

4) وردەکـاری لـە چـۆنێتی پێکـهێنـانی حکومەتـەکان و سنورەکان لە دوای ئەم رێکەوتنـەوە کـاری بـۆ دەکرێـت بـە پێی هەلومەرج و بەرژەوەندی دەسەڵاتی هاوپەیمانان.


www.pertwk.com

5) **وردەکاریو گرنگی ئەم ڕێکەوتنە ڕاناگەیەندرێت لە بەر ئارامیو بارودۆخی ناوچەکە.**

**ئیمزا**

**هێزی هاوپەیمانان**

(1916)

## دیمەنی (8)

### بڕگەی یەکەم:...

**پیشاندانی شێخ محمود، دروستکردنی حکومەتێک بۆ کوردستان.**

**ڕاوی:...**

بەخوا سەیرە.. ڕاستە دەڵێن سیاسەت بێبارە.. سەرەڕای ئەوەی وڵاتەکەت داگیر بکەن و دابەشی بکەن.. دواتر بتکەنە مەلیکی کوردستان.. ئینجا بتگرن و نەفیتبکەن.

ئای.. ئەبێت لەم سیاسەتە بێبارو سەیرو سەمەرەتر چیبێت..؟

## بڕگەی دووەم:..

**لەسەر شانۆ (سێ کەس دانیشتون).**

**راوی:**...کوڕینە گوێگرن... (پەنجە بۆ بینەر رادەکێشێت ) با هەموو ئەوانەش بزانن... کە ئینگلیز بۆ بەرژەوەندی خۆی رازی بوو ئێمەی کورد حکومەتێکمان

هەبێت.. بەڵام هەر زوو پەشیمان بونەوە.. ئێمەیان کردە قوربانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان..ئینگلیز سیاسەتی خۆی گۆری بەرانبەر بە ئێمە سەرەڕای ئەوەی دژایەتیمان دەکەن، شێخ محمودیان گرتووەو نەفییان کردوە بۆ هیندستان.. ئەم حەربە هەر بەزیانی ئێمە شکایەوە.. سەرەڕای ئەوەی وڵاتەکەیان داگیر کردووین، پارچە پارچەشیانکرد.. حەزەکەم بزانن ئینگلیز بە پیلانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەو دەوروبەر کەوتنە دژایەتیکردنی کورد لە سەرەتاوە دەیانگوت ئێمە بۆ رزگارکردن و بنیاتنانی ناوچەکە هاتوینەتە ئێرە. ئێمە دەمانەوێت گەلانی ناوچەکە بە ئازادی بژین بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەوانە چاویان

بڕیوەتەسەروەتو سامانی ناوچەکە. ئێستاش شۆڕش لە دژی ئینگلیز لە زۆر ناوچە سەری هەڵداوە.

کەسێک:..لە کوێ ماموٚستا.. لە کوێ؟.

**راوی**:... لە زۆربەی شارەکان.. لە ناوەڕاستو خوارووی عێراق..

کەسێک:..جانەوە بەئێمە چی ماموٚستا...؟

**راوی:...**چۆن بە ئێمە چی.. کاکە وانیە.

کەسێک:..راستەکات ماموٚستا ئەوە بە ئێمە چی...؟

**راوی:...**وانیە کاکە وانیە چۆن بە ئێمە چی ئەوە کەی قسەیە...؟

کچێک:.. لەناو بینەرەوە.

**مامۆستا... مامۆستاگیان ئەوە لێرەیت...؟**

**راوی:...**

**بەڵێ رۆڵەگیان... وەرە بزانم بۆچی هاتویت...؟**

**کچێک:..**

**مامۆستا گیان.. باوکم لە گەرمیانەوە.. نامەیەکی هێناوە.. خۆی زۆر ماندوو بوو نەیتوانی بێت.. وتی ئەم نامە ببە بۆ مامۆستا..**

**راوی:...**

**لە گەرمیانەوە نامەیەکی هێناوە.. کوا بیێنە بزانم چیە...؟**

**کچێک:..فەرموو مامۆستا... (نامەکەی ئەداتێ)**

**راوی:...**

## (نامەکە ئەکاتەوە)

**بۆ مامۆسای موحتەرەم..**

عەرزی سەلام..

خەوەرتان ئەدەینێ کە شۆرش لە فورات ناوراسۆ دەسی پێکردوە..

لە زۆر شوێن سەیتەرەیان بەسەر وەزعەکدا کردوە.. لە ئەتراف کفریش بە ئیتیفاق لە بەین سەرۆک هۆزەکان هێزێکمان پێک هاوردوە. حاڵ حازر کفری و ئەو ئەترافە هالە ژێر دەس خۆمانا، تیرەکان دەلۆو تیرە یەک لە هۆز جاف لە رێی برایم خان دەلۆ وە حوکم ناوچەکە ئەکەن.. عەلەم ئنگلیزمان داگرتوە.. کابتن (سەلمۆن) بە ئەسیر گیریاوە.. دەسکەوتمان زۆرە.. حەتاکو ئیسەیش هێزەکانمان بێزەرەرە.. دوژمن لە حاڵەت خۆ ئامادەکردنە.. لۆنگرینگ حاکم سیاسی



www.pertwk.com

کەرکوک هێزێکی پێک هاوردوە لە شەبانەو چەن کەسێ لە تالەبان و زەنگەنە، گەرەکیانە هجوم بکەنە سەرمان. مەعنەویاتمان حەتا بێژی بەرزە، ئیمکان هەبێ هێزمان لە ئێوەیش گەرەکە تا مەقاوەمەی زیاتر بکەین *

تاریکی

## دیمەنی (9)

### بڕگەی یەكەم:-

**راوی:...**

بەڕێزان.. ئەوەتا لە ئەنجامی هەڵچونی میللەت بۆ شۆڕش و ئەو یاداشتانەی لە لایەن شۆڕشگێڕان و ڕۆشنبیران و سەرەك هۆزو تیرەكانەوە ئاراستەی هاوپەیمانانی براوەی جەنگ كران وبۆ راگرتنی‌ئاستەنگی سیاسی وچەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەكەو دەوروبەردا پەیمانی سیڤەر مۆركرا لە 1920/8/10 دا

**تاریكی**

### بڕگەی دووەم:-

**دۆکـــۆمێنتی ئیمزاکردنـــی پـــەیمانی ســـیڤەرو ئاهەنگ و خۆشی جەماوەری گەلی عێراق.**

**راوی:...**

بەڵێ.. لە بەندی دووی هەردوو مـادەی (62 – 64) دا هـاتوە کە کێشەی کورد بە دوو قۆنـاغ چارەسـەربکرێت، ئۆتۆنـۆمی بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێک و دوا تر سەربەخۆیی..

## دیمەنی (10)

**برِگەی یەکەم:-**

**راوی:...**

بەڕێزان.. لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شۆڕش لە ناوچەکەو دەوروبەرو ئەو فشارە زۆرەی سەر دەسەڵاتی ئینگلیز ناچار کرا بە گێڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ کوردستانو ڕازی بوو حکومەتێک بۆ کورد پێکبهێنرێتو شێخ مەحمود بکرێت بە مەلیکی حکومەتەکە...

## بڕگەی دووەم:-

دۆکۆمێنتی شێخ محمود وەک مەلیکی کوردستانو کابینەی حکومەتەکەی....

ئیمزاکردنی بڕیاری شەڕ لە دژی کورد .. بۆردومانی شارو قەزاو چیاکانی کوردستان.

## تاریکی

## دیمەنی (11)

کەسی.. (1) ها.. بیرلە چی دەکەیتەوە.. ڕۆژەکەت لە بیرە کە پیێمووتی تازە تیاچووین

کەسی.. (2) بەڵێ چاکم لە بیرە.. بەڵام لە عەقڵی کەسدا نەبوو کە ئینگلیز بەرانبەر بە ئێمە وا بکات..

کەسی.. (1)

کاکە خۆ هەربەتەنیا ئینگلیز نیە.. ئەوە فەڕەنسا.. ڕوسیا.. کورە نازانم چی.. ئەوانە

هەمویان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هاتونەتە ناوچەکە

کەسی.. (2) تازە بۆم دەرکەوت ئەوانە بەرژەوەندی خوازن..

سەودا بە چارەنوسی دەیان گەلی وەکو ئێمەوە دەکەن.

کەسی.. (1) بۆت دەرکەوت کە ئەوانەش داگیرکەرن...؟

کەسی.. (2) بەڵێ.. بەڵێ.. بۆم دەرکەوت


www.pertwk.com

کەسی.. (1) حەزەکەم بزانیت کێ لە بەرژەوەندی ئەوان کاربکات ئەوان ئەوەیان دەوێت دواتر ئێمەش...

کەسی... (2) ئێمە چی.. بۆ نالێیت خەتای خۆمان بوو...؟

کەسی.. (1) بەخوا ئیتر.. من نالێم خەتای خۆمان بوو.. بەڵام نەمانزانی ئێستەش...

کەسی.. (2) ئێستەش چی.. گرنگ ئەوەیە ئێمە کۆڵنەدەین تائەگەینە ئەنجام.

## تاریکی

## دیمەنی (12)

**بڕگەی یەکەم:..**

دۆکۆمێنت لەسەر شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.

**بڕگەی دووەم:..**

**راوی:...**

بەڵێ.. کوردستان هەر وەک چۆن قەدەر لە چارەی نوسیبێت بەردەوام لە گۆڕەپانی سەرهەڵدان و شۆڕش بێت.. بەردەوام لە سەنگەر دابێت بۆ ئەوەی مافی چارەنوسی خۆی دیاریبکات.. سەردەمێک بەبێ شۆڕش و قوربانیدان نە بووە..

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی تورکیا دژی کەمالییەکان سەریهەڵداو ژمارەیەکی زۆر قوربانی بەخشیە مێژووی خەباتی ئەم گەلە ستەمدیدەیە تا ڕۆژێکی پرشنگدار بۆ ئەم گە لە بەشمەینەتییە دەستەبەر بکات...

مەخابن زۆری نەخایاند تەواوی ئەندام و سەرکردەکانی ئەم شۆڕشە دەسگیرکران و لە سێدارە دران..

## دیمەنی (13)

دۆکۆمێنت لە سەر ڕاپەڕینەکەی بارزان.

**ڕاوی:...**

ئەوەی مێژووی کوردستانی پڕکردوە لە سەروەری و شانازی ئەوەیە کە کورد لە بەرانبەر هیچ یەکێک لە دوژمنەکانیدا چۆکی دانەداوەو بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت لە خەبات و تێکۆشان دانەبڕاوە.. بەڵێ بارزان بە لوتکە سەرکەشەکانی چیای شیرین و پیرانەوە بو بە کوانووی شورشێک و ڕاپەڕین تیایدا سەریهەڵدا.. ڕاپەڕین و شۆڕشی بارزانییەکان بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفا لە ساڵی (1943)دا دژی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا سەریهەڵداو ئەو شۆڕشە بوو بە بناغەی سەرهەڵدانی شۆڕشێک کە توانی لە بەرانبەر دوژمنی سەر سەختی نەتەوەکەماندا بەرگری بکات... تا ئەو ئاستەی ببێتە بناغەی دامەزراندنی پارتێک...

## دیمەنی (14)

# تاریکی

لە تاریکیەوە بە دەنگی گریانی منالێک کە لە دایک ئەبێت دەست پێدەکات... هەشت کەس بە روناکیەوە دێنە سەر شانۆکە ( وەک گەڕان بە دوای دەنگی گریانی منالەکەدا)... سەرشانۆ روناک دەبێتەوە دوو ئافرەت یەکەمیان لە ژێر چارۆکەیەکدایەو لەسەر ئەژنۆ دانیشتوەو منالەکە لە باوەشیدایەو رووی لە بینەرە. ئافرەتی دووەم بەرامبەری دانیشتوەو چرایەک لە نێوانیاندایە، ئافرەتی دووەمو یەکێک چارۆکەکە بەرزدەکەنەوە (لەسەر چارۆکەکە نوسراوە (16)ی ئابی 1946 ) لەگەڵ لێدانی سرودی (16ی ئابی 46 بوو یەکەم چرامان هەڵکرد...) دایکەکە هەڵدەستێتە سەرپێ. دوو کەس لە راستو چەپی شانۆوە بە رووناکیەوە دادەبەزنە ناو بینەر بۆ دابەشکردنی



www.pertwk.com

پەیامێکی مژدەدەر (پەیامەکە پیرۆزبایی (16)ی ئابی 1946)…. تا کۆتایی سرودەکە.

## تاریکی

## دیمەنی(15)

**بڕگەی یەکەم:-**

دۆکۆمێنت لەسەر کۆماری مهابادو پیشاندانی قازی محمدو کابینەکەی.

**بڕگەی دووەم:-**

**ڕاوی:..**

دوای ئەوەی لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری گەورەدا لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد بە ئامادەبونی ئەو ژمارە زۆرەی سەرۆک هۆزو عەشیرەتەکانو خەڵکی بازرگانو کاسبکارو

جوتیارو پاڵەی کوردستان لە (22)ی کانونی دووەمی 1946دا کۆماری دیموکراتی کوردستان راگەیاندرا... کۆماری کوردستان کە تانەیەکی زۆر گەورە بوو لە سەر چاوو دڵی داگیرکەران جگە لەوەش هیچ هێزو دەسەڵاتێک لە ناوچەکەدا پشتیوانیو پشگیری لەم کۆمارە نەکرد دوژمنانی کورد لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی ئەم کۆمارەیانداو لەلایەن حکومەتی رەزاشای ئێرانەوە هێرشێکی قورس کرایە سەر ئەم کۆمارە، دوای یانزە مانگ حوکمرانی کۆتای بەم کۆمارە هات. ئەگەرچی راوێژو پرس لەلایەن سەرکردەو بەرپرسەکانی ئەم کۆمارەدا کرا بۆ ئەوەی روبەروی دوژمن ببنەوەو بەرگری لە کۆماری کوردستان بکەن هێزی کورد ئەو کاتە کە بە چاودێریو سەرپەرشتی سەرۆک هۆزو عەشیرەتو بازرگانەکانەوە بوو نەیانتوانی وەکو پێویست بەرگری لە دوژمن بکەن تەنها بارزانی وەک

سەرکردەیەکی بوێرو چاو نەترس ئامادە بوو ڕۆحی خۆیو ئەو پێشمەرگانەی کە لە گەڵیدابون بکات بە قوربانیو بڕیاریدا لە سەنگەری بەرگریدا بمێنێتەوە هەربۆیە پێشەوا قازی مەحەمەد متمانەو ئەو شەرەفە گەورەیەی (ئاڵای کوردستان) بەخشی بە بارزانی چونکە تاکە سەرکردەی سوپای کۆماری مەهاباد بوووە دڵنیابوو لەوەی کە درێژە بە شۆڕش ئەدات...

**تاریکی**

## **دیمەنی** (16)

### بڕگەی یەکەم:-

**پیشاندانی دوو دەست کە ئاڵای کوردستان وەردەگرێت...**

**تاریکی**



www.pertwk.com

**بڕگەی دووەم :-**

**پێشاندانی قازی محەممەدو ئەو ئەفسەرانەی لە سێدارە دراون...**

**تاریکی**

## دیمەنی (17)

(**پەڕینەوەی بارزانیو پێشمەرگەکان لە ئاوی ئاراس)... بە دۆکۆمێنت لەگەڵ ئەم شیعرەدا تاکۆتایی...**

**ئەوە کاتی گەڕانەوەی سەفەری هەتاو بوو**

تاله (ئاراسەوە) بەرەو مەزراکانی غوربەت

کۆڵی سەفەری وەکۆڵنی...

ئەمجارەیان هەنگاوەکان

ڕۆح هەڵدەگرن بۆ سەر لوتکە

خۆر لە عەرشی (ئاهورا)دا دەهێننەوە

ئای.. لەو ساتەی شەپۆلەکان..

چەند لەو زەی هەنگاوەکان بەتین تربوون

بەڵام تا بێت زامەکانی ئاوارەیی..

بەرەو قوڵبونەوەو بەسۆ دەچون

ئەی سەروەرم..

سەرگوزشتەی ئەم کۆچەی تۆم

بۆ دەوەن و چیاو..

تاشه بەردو کانیەکانیش نوسیەوە

ئەی سەروەرم

تۆ شەپۆلی تیشکێک نەبوویت

پێش گەیشتن بە تاریکی بکوژێیتەوە...

تۆ چرپەی هەناسەیەک نەبوویت

لە گەرودا کاڵبیتەوە...

ئەی سەروەرم..

چەند تاشە بەردو لوتکە

لە حزورتا کڕنۆشی برد...!؟؟

ئیدی شیعر

کەی لە تینی هەنگاوەکەت بەجۆشترو..

لە شاڵاوت بەهێز ترە... ؟؟

ئیدی شیعر

کەی لە جوانی داستان و

سەر بڵندی و لە نەبەزیت.. نەبەز ترە...؟؟س

ئیدی شیعر

کوا لە قریشکەی ئەو (بڕنەو)ەو

سیماکانی تەریقەت و

ئەو (خەنجەر)ەی سەربەرۆکت پیرۆزترە

## دیمەنی (18)

ڕاوی:...

خۆشەویستان دوای روخانی کۆماری مهاباد و لە سێدارەدانی قازی محمد بارزانی خۆی و پێشمەرگەکانی لە چوارلاوە

گەمارۆدران‌و دوای شەڕێكی قورس لە ئاوی ئاراس پەڕینەوەو چوونە ناو خاكی ڕوسیاوە...

## وەستان

### سروودی (عەشرەت هاوارە)

ڕاوی:..

بەڵێ: نا حەزانی كورد وایان زانی بەمە كۆتایی بە شۆڕشی كورد ئەهێنن لە دوای ئەوەی شیخ احمد بارزانی‌و ژمارەیەكی زۆر لە بەشداربووانی كۆماری مهاباد گەڕانەوە بۆ عێراق دواتر بە دەست بە سەری نەفیكران بۆ (ڕومادی) .

عیززەت عەبدولعەزیزو مستەفا خۆشناوو خەیروڵڵا عەبدولكەریم‌و محەمەد قودسی چوار ئەفسەرە نیشتمان پەروەرو شۆڕشگێڕەكەی كورد كە بەشداربوون لە كۆماری مهاباد دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق لە (19) حوزیرانی (1947)دا لە سێدارە دران ڕۆژە ڕەشەكانی كورد بەم شێوە درێژەی كێشا تا كۆتایی بەو ڕژێمە هات دواتر بارزانی گەڕایەوە بۆ

عیراق و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکانی خواروو ناوەڕاست وەک سەرۆکی کوردستان پێشوازیان لێکرد.

## دیمەنی (19)

**دۆکۆمێنت... ئاهەنگی شۆرشی (14) تەمموزو پیشاندانی قەسری رەحاب و سەرۆک بارزانی نەمرو عەبدولکەریم قاسم... وتەیەکی بارزانی نەمر.**

**راوی:...**

**بەهۆی ئەو کنە کردنەی ڕەجعیەت و شۆڤێنیەکان و دەستیێوەردانی قەومیەکات لە کارو باری کۆماری عێراقی**

تازەدا بۆ ئەو بڕیارە نوێیەی حکومەت کە کوردو عەرەب دوو گەلی هاوبەشن لە عێراقداو دەبێت مافەکانیان پارێزراو بێت، ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەوا لەناو ڕژێمدا کرا بۆ دورخستنەوەی کەسانی نیشتمانپەروەرو دڵسۆز لە دەسەڵاتدا.. شۆڤێنیو کۆنە پەرستەکان توانیان بگەنە دەسەڵاتو حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم پاشگەز بکەنەوە لەو بڕیارەی سەبارەت بەکێشەی کورد دابووی.. بەجێبەجی کردنی خواستی بەرەی ڕەجعیەتو کۆنەپەرستان شەڕی لە دژی کورد راگەیاندو کەوتە پیلان گێران.

## تاریکی

## دیمەنی (20)

### بڕگەی یەکەم:-

دۆکــۆمێنتی ئیمــزا کردنــی جــەنگ لــە دژی کــوردو

دیمەنێکی شەڕی کوردستان

## بڕگەی دوەم:-

## راوی:...

بەڵێ... لە دوای ئەوەی کە عێراقیەکان بە پاڵپشتی گەلی کورد توانیان حکومەتە روخاوەکەیان تەشکیل بکەنەوەو خۆیان بەهێز بکەن، کەوتنە دژایەتی کردنی کوردو پاشگەزبونەوە لەو بەڵێنو پەیماننامانەی کە لە ئەنجامی هەوڵێکی زۆرو گفتوگۆی سەرکردایەتی ئەوسای کورد لەگەڵ رژێم هاتبوە ئاراوە...

بەریزان زۆری نەخایاند بە عەقڵی کۆنە پەرستانەو شۆڤێنییەت شکستیان بەو هەوڵو تەقەلایانەی کورد هێنا کە زۆری نەمابو ئامانجە سیاسییەکانی خۆی دەستەبەر

بکاتو وەک ئەوەی کە لە مادەی (3)ی دەستوری عێراقدا هاتبوو کوردو عەرەب دوو گەلی هاوبەشن لە عێراقداو دەبێت وەک یەک مافەکانیان دەستەبەربکرێت...

لە برایەتیو دۆستایەتییەوە هەر زوو پەیامی شەڕانگێزیو چاوچنۆکی خۆیان بە گەلی کورد ئاشکرا کردو هێرشیان کردە سەر ناوچە کوردییەکانو هێزی پێشمەرگە، دوای چەند رۆژێک لە شەری قورسو بەرگریکردن، سەرکردایەتی ئەو کاتەی شۆرش بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر لە (11)ی ئەیلولی (1961)دا ناچاربوو بەوەی شێوازی خەباتی خۆی بگۆرێتو پەنا بەرێتەبەر شۆرشی چەکداری هەربۆیە شۆرشی ئەیلولی مەزن راگەیاندرا.... سرودی (هاتین لەگەڵ کازیوەی دەم بەیاندا........ تا کۆتایی سرودەکە).

## تاریکی

دوای تەواو بوونی شانۆگەریەکە نمایشکاران بۆ سڵاو تێکڕا دێنە سەر شانۆ ئەم شیعرە پێشکەش دەکرێت...

سووتێنێ...

شیعرێک.. دەڵێت

جەستەم پڕە لە دوکەڵو زمانم پڕەلە ژەهر

عەقڵم پڕە لە بەدناوی ئەنفال

من هەناسەم بە سێدارەو..

چاوەکانم.. بە دیواری زیندانەوە بەجێماوە

من کە ئێستا جەستەو ڕۆحم

بایەقوشو کوندە پەپوو دەورەی داوە

من کە ئێستا کێڵگەی دڵم..


www.pertwk.com

به شمشێرو به (تی ئێن تی) چێنراوه

ڕێگه مەدەن.. ئەم جارەیان کە رەشەبا..

گەڵای حەرفەکانم هەڵوەرێنێ

با پێپەتی ئەهریمەن و جەندرمەکانی فیرعەون

له دۆزەخی ( ئەندرا )دا

ئەمجارەشیان نەمسوتێنێ...


نەم سوتێنی

## کۆتایی


www.pertwk.com

**تێبینی** :

**ئـــەم دەقــە شـــانۆییە تایبەتــە بـــەیادی شۆڕشـــــی مـــەزنی ئـــەیلول. لـــە یـــادی** (44) **ســـــاڵەیدا لــــە** (11 /2005/9)**دا لــــە هــــۆڵی میـــدیا لــە هـــەولێر نمایشـــکرا**...


کومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بزافی ڕۆشنبیری لە سلێمانی
بەشی شانـــۆ
شانۆیی
ژانی کوردستان
نمایش دەکـــات
ئەم بابەتە وەرگیراوە لە سەرچاوەی مێژووی کوردستانەوە
دارشتن و حیوار : محمد قەرەداغی
ئامادەکردن و دەرهێنانی : طە خلیل
شوێني نمایش : هۆڵـــی (  )
ڕۆژی : ١١/ ٩/ ٢٠٠٥
کـــات : ١٠/ ٣٠

## ئەکتەرەکان

| | | |
|---|---|---|
| 1) | تەها خەلیل | مێژوو |
| 2) | حەسەن دڵسۆز | کەسی 2 |
| 3) | وەلید عارف | کەسی 1 |
| 4) | نەشمیل سەعید | ئافرەتی گەرمیانی پەیامنێر |
| 5) | بەهزاد جلال | بینەری 1+ جەنەراڵی ئینگلیزی |
| 6) | عابد هەورامی | |
| 7) | رزگار محمد سعید | بینەری 2+ کەسی سەفەوی |
| 8) | ناسك سەعید | دایك |
| 9) | محمد قەرەداخی | کەسی عەلەوی |
| 10) | بەکر پاڵەوان | حاڕدەری ئینگلیزی |
| 11) | ئومێد محمد | کەسێك |
| 12) | ناز ئەحمەد عبدالرحمان | کەسێك |
| 13) | جوان محمد حسن | کەسێك |

# هونەرییەکان

| | |
|---|---|
| بەڕێوەبەری بەرهەم | نەورەس رەشید |
| ی. بەڕێوەبەری بەرهەم | طه خلیلی |
| دیکۆر | محمد قەرەداخی |
| ئێکسەیوارو جلو بەرگ | بەهزاد جەلال – رزگار محمد |
| رووناکی | رزگار محمد |
| تۆمارکردنی دەنگ | ئومێد محمد |
| دەنگ | ئەحمەد حەمە غریب |
| | محمد قەرەداخی |
| سینەماو سکرین | نەوزاد مەجید |
| پۆستەرو دەلیل | بەرزان بکر |
| یاریدەدەری دەرهێنەر | عابد هەورامی |

# سەرچاوەکان

**دۆکۆمێنت**

**تەلەفزیۆنی زاگرۆس لە ڕێگەی دەزگای ئەیلولەوە.**

**کتێب:-**

1. **کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی، بەرگی یەکەم.**

2. **عەلی عەبدواللە، مێژوی پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم، ئەیلول** 1968.

3. **د. هیمداد حوسێن، رۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان،** 2002، **سلێمانی، چاپو پەخشی سەردەم.**

4. **مستەفا نەریمان، شۆرشی ابراهیم خانی دەلۆ** 1920.

**سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێزان:**

- **رادیــــۆ و تەلــــەفزیۆنی زاگــــرۆس-دۆکۆمێنت.**
- **مامۆستا کەریم زەند کە هاوکاریەکی زۆریکردین بە زانیـاری لەسـەر بابەتـە مێژووییە کان.**
- **سۆران مارف کـەریم،هاوکاریکردم بـۆ بە چاپ گەیاندن.**
- **کامیل ئەحمەد بەگ.**
- **ئامانج عبداللّە سور.**



www.pertwk.com